The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## بەڕێز پارێزگاری هەولێر

بەگوێرەی ئەو نوسینانەی لە سایدی کوردستان نێت بڵاوبۆتەوە , لەسەر زاری کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە , گوایە ئەو کەس و لایەنانەتان بە جەلالی داوەتە قەڵەم کە داوای لادانی نەبەز کوڕی عەقید حەمیدیان کردووە لە قایمقامی بنەسەڵاوە. ئەمە قێزەونترین تاوانە دەدرێتە پاڵ کەس و لایەنەکان .
بەڕێزم لە لایەکەوە ئێمە جەلالی بوون بە تاوان نازانیین کە ئەمڕۆ هاوپەیمانی ئێوەن , سەرباری ئەوەش نە سایدێکی جەماوەری وەك کوردستان نێت و دەنگەکان و نە ناوەندی هەڵەبجەش دورو نزیك پاشکۆی هیچ لایەنێکی سیاسی کوردستانی نیین . پێمان سەیرە بۆ وەڵام نەدانەوە بە داخوازی جەماوەر لەم جۆرە بەهانانە کەڵك وەردەگرن؟ , گریمان ئەو کەس و لایەنانە جەلالیش بن , ئایا داخوازەکانییان ڕەوا نییە ؟ ئایا ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرانەی ئەنفالکران , ڕژێم سەیری لایەنەکانیانی کرد کە شەهیدانی کرد ؟, ئایا لە کارەساتی ئەنفالدا دەیان هەزار ینك و پدك و شیوعی و سۆسیالست و پاسۆك بێ جیاوازی بەرەو ڕوی یەك چارەنوس نەبوونەوە ؟ خوێنییان لە بیابانەکاندا تێکەڵ بەیەك نەبوو ؟. ئەی بۆ ئێستا پێکەوە وەفادار نابن بەرامبەر بەو قوربانیانە , لە گۆڕیشدا ئازاریان دەدەن ؟جەلادەکانییان دەکەن بە دەسەڵاتدار بە سەریانەوە .
ئێمە بە نەنگی دەزانیین لەهەولێرێکدا بەشاری هۆلاکۆ بەزێن بە ناوبانگە و خاوەند دەیان هەزار شەهیدی قارەمانە , گوایە یاساغە ئاڵای ئەنفال بێتە ناوییەوە , کەچی ئەنفالچی و فایلچی دەسەڵاتدار بن تیایدا , ئەمەمان لەگەڵ هەردوو لایەنە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانە .
دەبێت بەعس لە کوردستاندا ڕیشەکێش بکرێت .
داواتان لێدەکەین وەڵام بە داخوازی کەس و کاری قوربانیان بدەنەوە , دەنا مێژوو ڕەحم بە هیچ لایەن و کەسێك ناکات .
ئەگەر تا ئێستا هیچتان بۆ کەس و کاری ئەنفالەکان نەکردووە , ئازاریشیان مەدەن .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردستان–چاك**
www.chak.info
chak_org@yahoo.com